www.kurdistannet.org
24-10-2006 7:35 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# ڕوونکردنەوەیەک بۆ بیروڕای گشتیی سەبارەت بە هێندێک قسەی کاک مەنسور عەزیری... سەلاح عەبدوڵلاپور

سەرەتا پێمخۆشە باسی چەند شتی گشتیی بکەم کە لە نووسراوەکەی کاک مەنسوردا خۆیان دەنوێنن و بەکورتی هەڵوەستەیان لەسەر دەکەین:

1. کاک مەنسور باسی نهێنی بوونی نامەی هەیئەتیی ئیجرایی دەکا.
2. بە گوێرەی تێگەیشتنی خۆی وەنێو کەوتووە و تەشریح و تەفسیری دەکا، مەسەلەی نامەشروع بوون و هەڵوەشانەوەی تێکەڵ کردووە.
3. باس لە خۆ ئامادەکاری و ئاگاداری یەکیەتیی لاوان دەکا لەدەرەوەی وڵات، بۆ پێکهێنانی دووهەمین کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات.
4. باس لە ئوسوڵ و پرێنسیپە دیموکراتیکەکان دەکا.
5. باس لە چۆنیەتی و ڕێژەی بەشداربووانی کۆنفرانس دەکا.
6. باس لە ڕێنووسی ئاگادارییەکەی یەکیەتیی لاوان دەکا و پێی دەڵێ ئاگاداری کاک سەلاح.

بە حیسابی خۆی، باسی هەموو شتێکی کردووە و لێکۆڵینەوەیەکی وردی کردووە، بەڵام پێش بەشی یەکەمی، بەشی دووهەمی لێکۆڵینەوەکەی بڵاوکردۆتەوە (بڵێی چ لێکۆڵینەوەیەک بێ، بەشی دووهەمی لە پێشدا بڵاوببێتەوە و فەرقی نەبێ)، ڕەنگە ئەوەیان زیاتر بۆ ئەوەبێ کە بەڕێزیان ژمارە دوویان زۆر خۆشدەوێ!

ئێستا هەوڵدەدەم زۆر بەکورتی لەسەر ئەو خاڵانەی سەرەوە قسە بکەم.

1. ئایا کاک مەنسور پێی وایە دەبێ نامەکە لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت بڵاوبکرێتەوە، یان بۆ بەرپرسی پێوەندی دار بچێ و لەویشەوە بۆ هەموو بەرپرسانی پێوەندی دار؟

2. ئەتۆ چۆن لەم نامەیە تێگەیشتووی و لێکدانەوەی تۆ چییە، ئەوەیان پێوەندی بەخۆتەوە هەیە، بەڵام هەر بۆ زانیاری گشتیی خۆت لە نێوان هەڵوەشاندنەوە و نامەشروع ڕاگەیاندن دا فەرقی زۆر هەیە، دواتر بۆخۆشت ئاگاداری کە بە فشار و دەخالەتی ڕاستەوخۆی دەفتەری سیاسی بۆ ماوەیەکی کاتیی کێشەکان چارەسەر کرابوون، ئەوەش لە نامەکەدا بە ئاشکرا دەردەکەوێ؟ تا ئەوکاتە کێشەکان چارەسەر کرابوون کە هەل و مەرجی لەبار بۆ پێکهێنانی دووهەمین کۆنفرانسی گشتیی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات پێک دێ.

دواتر حەزدەکەم ئەوەش لەبیرت خۆت نەبەیەوە کە بەگوێرەی ئەو ڕێککەوتنەش کە بە دەخالەتی دەفتەری سیاسی ئەنجامدراوە، هەر من بەرپرسی دەستەی نوێنەرایەتیی بووم لە دەرەوەی وڵات. شتێکی ئاسایییە نامەکانیش دەبێ ڕوویان لە من بێ ئەگەر ئوسوڵ و پرێنسیپەکان بپارێزین، ئەوەشت لێ تێک نەچێ کە کاتێک باسی دەستەی نوێنەرایەتی دەکرێ مەبەست ئەو دوکەسەی هەڵبژێردراوی کۆنگرەو مشاویرەکانن کە بە ڕەزامەندی بەرێوەبەری لە کوردستان دیاری کراون. ئەگەریش دێمۆکراسی

وەک ئەوە بێ کە تۆ و مامۆستاکانت لێی حاڵی بوون ئەوا دەبێ لە مەراسیمی وبیەن دا بۆ یادی 17 ساڵەی شەهید بوونی ڕێبەری مەزن د. قاسملوو، جەنابتان بکەنە دەمڕاستی لاوان و منیش کە بەرپرسی ئەو ئۆرگانەم بخرێمە پەراوێزەوە، لەو پێوەندیدا زانیاری زیاتر لە کاک خوسرەو بەهرامی داوابکە.

3. نازانم کاک مەنسور چۆن لەڕووی هاتووە باسی ئەو مەسەلەیە بکا، خۆ ئەگەر ئێمە (مەبەستم یەکیەتیی لاوانە) یەک ڕۆژیش پێشتر لە ئینتێرنێت دا ئاگاداریمان بڵاو کردبێتەوە، خۆ بەڕێوەبەران و سودبەرانی کۆبوونەوەی دانمارک قەت ئەو کارەیان نەکرد، تەنانەت من خۆم وەک ئەندامێکی بەرێوەبەری گشتی کوردستان تەنیا دو رۆژ پێشتر بە مێلدینگی جەنابت ئاگادار کرامەوە، ئەویش نەک وەک ئەندامی بەرێوەبەری بەڵکو وەک ئەندامی کۆمیتەی نۆروێژ. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە تەنانەت سکرتێری رێکخراوەکەشمان هەر لە تەریقی منەوە ئاگادار کراوەتەوە و پێشتر هەر نە پرسی پێکراوە و نە تەنانەت ئاگاداریش کراوە. ئەوەیە ئەو ئوسوول و پرنسیپانەی کە باسی دەکەی؟! من ئێستا بە پێویستی نازانم کە بچمە سەر وردەکاریەکانی کۆبوونەوەکەی دانمارک، ئەوە بۆ کاتێکی پێویست ڕادەگرین. ئێمە میکانیزمی بەشداربوونمان بۆ کۆمیتەکان لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت بڵاو کردەوە و لەگەڵ بەڕێوەبەری لاوانیش لەسەری ساغ بوینەوەو بە ئیمەیلیش پێش بڵاوکردنەوەی ئاگادریەکەش بۆ هەموولایەکمان ناردووە ئەتۆش یەکێک بووی لەوان، من داوام کردووە با کۆبوونەوەی لاوان لەدەرەوە پێک بێ و باسی کێشەکانی لاوان و بەڕێوەبردنی کۆنفڕانیش بکەین و بەرنامەی کاریش دابڕێژین، بەڵام ئەگەر ئێوە نەیەن و هەست بە مەسئولیەتی سەرشانتان نەکەن، بەخۆشیەوە منیش جەناحێکی وەک ئەوەی ئێوە توند و تیژم لە پشت نییە و بە فتوایەک کێم پێخۆش بێ بۆم دەربکەن (کە قەت هیوای بۆ ناخوازم و لە دڵەوە لێی پەستم. ) . لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە کاک مەنسور دەفەرموێ ئاگاداری‌یەکەی کاک سەلاح!! بۆ ئەو مەبەستە تکایە ئەو ڕوونکردنەوەیە بخوێنەوە کە 05-10-2006 لە لایەن هاوڕێیانی کۆمیتەی بەڕێوەبەری یەکیەتیی لاوان لە نوروێژ دا سەبارەت بە کاک مەنسوور بڵاوکراوەتەوە.

http://www. lawan. eu/modules. php?name=News&file=article&sid=52

4. کام ئوسول و پرەنسیپ، کۆبوونەوەی بەدزی، کۆبوونەوە بۆ سوکایەتی کردن و شکاندنی بڕیارەکانی کۆنگرە، کێ ئەو کۆبوونەوانە دەخاتە نێو خانەی کۆنفڕانسە مەشروعەکان، کە قەت نەکرا. ئێوە بەداخەوە بە ئاشکرا هەموو بڕیارەکانی پەسەندکراوی کۆنگرەی لاوان و میکانیزمی نێردراو نامەی ژمارە (1121) کە تەئیدی دەفتەری سیاسیشی لەسەربووە پێشێلتان کردن، بڵاوکردنەوەی نامە ئۆرگانی‌یەکان لەسەر تۆڕی ئینتێرنێت؟ یان بەگوێرەی ئەو دیموکراسیەی هەقی دوو دەنگی داوە بە تۆ؟ یا دیدار و چاوپێکەوتنی جەبانت و کاک رەحیم لەگەڵ لایەنەکان بە بێ ئاگاداری بەرپرس؟ یا نووسین و بڵاوکردنەوە بە ناوی ئۆرگانی سەرەوەتر؟ کاک مەنسور تکایە باسی ئوسول و پرەنسیپیش مەکە. جەنابت باسی ئوسول و پرەنسیپ دەکەی کەچی هەموو کردەوەکانت جنێوێکی رووتن بە یەکیەتی لاوان و لەوەش زیاتر حیزب و خودی وتەزای دێمۆکراسیش!

5. باشە کاک مەنسور ئێمە چی بکەین، کە کۆمیتەکانی حیزب هەڕەشە لە ئەندامانی یەکیەتیی لاوان دەکەن کە هەرکەس بەشداربێ لە حیزب و لە لاوانیشی دەردەکەن، هەرچی توانا و ئیمکاناتی هەتان بوو بۆ نەگیرانی ئەو کۆنفڕانسە بەکارتان هێنا و هەتا فتواشتان بڵاوکردەوە کە بەڕێوەبەرانی ئەو

کۆنفرانسە توندترین سزای تەشکیلاتی دەدرێن، سەرڕای ئەوەش بەخۆشیەوە لاوان هاتن و بەشداربوون، خۆزگە وێنەیەکی هەموو بەشدارانی کۆبوونەوەکەی دانمارکیشت بە "پیر و لاو"ەوە بڵاوکردبایەوە هەر بەو مەبەستەی خوێنەران قەزاوەت بکەن. باسی ئەوە دەکەی کە رەنگە بیرکاریمان زەعیف بێ، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە هەرچەند زەعیف بین، لە بەرێوەبەرانی کۆبوونەوەی دانمارک زەعیفت تر نین، کە لە وڵاتی سوئید لە 1000 ئەندام 3 نوێنەر و لە وڵاتی نۆرویژ لە 300 ئەندام 10 کەس بەشداری کۆبوونەوەیەکی بە ناو کۆنفرانس بن. سەبارەت بە "پیر و لاو"ەوە هەر ئەوەندە دەڵێم کە چاوێک بە بەشداربووانی کۆبوونەوەکەی دانمارکدا بخشێنەوەو ئەوانەی کە بەناو هەڵبژێردران، ئەوکات باسی ئەم بابەتە بکە، من نامهەوێ کە ناو بێنم بەڵام خۆت باش دەزانی کە مەبەستم چیە. هاورێ کاتێک کەسێک رەخنە دەگرێ دەبێ خۆی بیر لە کارو کردەوەکانی خۆی بکاتەوە جا ئەوکات بێت و قسە بکا!

سەبارەت بە لاوانی سوئێد، تکا لە کاک مەنسور دەکەم قسە نەکا، ئەوەیان با بۆ لاوانی سوئێد بێ، چونکە هەردوو کۆمیتەی لاوانمان بانگ کردبوون، باشە بۆ هەموو ئاگاداریەکەت تەفسیر کردووە باسی ئەویشت نەکردووە؟! کە هەر لە ئاگاداری‌یەکەدا و لە تێبینی‌یەکدا نووسراوە.

سەبارەت بەو نامەیەش (نامەی ڕۆژی 28-09-2006) کە بەزۆری بەکاک ڕەحمان سەلیمی مۆرکراوە، تکایە جارێکی دیکەش بەیاننامەی کۆتایی هاتنی سەرکەوتووانە دووهەمین کۆنفڕانسی گشتیی یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە دەرەوەی وڵات بخوێنەوە، نازانم بۆ پێتوایە هەموو خەڵک وەک تۆ بیر دەکاتەوە، یان لە خەیاڵی وەیدای کە دەبێ هەموو کەس وەک تۆ بیر بکاتەوە، بۆ ئاگاداری تۆی بەڕێز، لەڕۆژی 01-10-2006 دا پەیامی پیرۆزبایی بەبۆنەی کۆتایی هاتنی کۆنفڕانسەوە بلاوکراوەتەوە. کاک مەنسور! ئێمەش و خەڵکیش لە شاری کوێران ناژین و خەڵکیش کەس دەستی بەچاوانەوە نەگرتووە، خەڵک و ئەندامانی یەکیەتیی لاوانیش ڕاستی‌یەکان دەبینن.
هەرئەوەی کە جەنابت باسی دەکەی و پێتوایە کە دەبێ یەکیەتیی لاوان وەڵامت بداتەوە، ڕووی پرسیار لە دەفتەری سیاسی بکە و بڵێ، ئەرێ بۆ ئاوا لە یەکیەتیی لاوان دەکەن؟!

6. باس لە ڕێنووسی ئاگاداریەکەی یەکیەتیی لاوان دەکا، بەداخەوە ئێستا وەختم نی‌یە لەو نووسراوەیەدا کە کاک مەنسور ناوی ناوە لێکۆڵینەوە! بەڵام زیاتر لە وڕێنەکردن دەچێ هەموو هەڵە ئیملایی و ڕێزمانی‌یەکانی دەربێنم و ڕاستیان بکەمەوە چونە بەڕاستی وەختێکی زۆری دەوێ، بەڵام بۆ نمونە یەک وشەی کاک مەنسور باس دەکەم کە نووسیویەتی:
"تێهزرینیش" ئایا ئەم وشەیە لەسەر کێشی (تێکوشین، تێگوشین، تریت) داڕێژراوە؟ یان ڕەگێکی دیکەی هەیە، ئایا ئەوە ئاوا ڕاستە؟
تێ: پێشگرە
هزر: ناوە
ین:؟
یش:؟
ناکا مەبەستت تێڕامان بێ؟ یان جۆری دیکەی هەیە و ئەویش هەر لە فەرهەنگی دیموکراسی‌یە بۆرینەکەی کاک مەنسوور هەیە؟

لە کۆتایی‌دا داوا لە کاک مەنسوور دەکەم، لەجیاتی ئەو هەموو هەراو هۆریایە با کارەکانی یەکیەتیی لاوان و بڕیاراتی ئۆرگانەکانی سەرەوەی خۆی بەڕێوەبەرێ، جا ئەوکات بێ باسی ئوسوول وپرنسیپ بکا. بائەوەش فێر بێ کە دانانی نامەی ئۆرگانی و پێشێلکاری بەرنامەو پێرەوەی لاوان خۆی لادانە لە خەتی لاوان...

سەلاح عەبدوڵڵاپوور
21. 10. 2006ی زایینی